# خۆشەویستی

*کاوەی خەسرەو کاوانی*



خۆشەویستی دوا ناخرێ

ناچێتە قۆناغی مت بوون ,

خۆشەویستی راستەقینە

لەگەڵ ژینا

لەبەرگی ژینێکی زیندوون .

⋆ ⋆ ⋆

خۆشەویستی رووبارێکە

تا بەربەستی بۆ دابنرێ

وورده وورده

دەبێتە قوڵترین بەنداو ,

لەناکاودا دەتەقێت و

رق و قین و نائومێدی

دەخاتە بەر شەپۆلی بەهێزی لافاو.

⋆ ⋆ ⋆

خۆشەویستی بەبێ ڤیزەو

بێ پاسەپۆرت و سنووره ,

خۆشەویستی بێ ئایین و

بێ رەگەز و بێ زمانە

پڕ لە سۆزی فراوان و

لەنێو مەودایێکی دووره.

⋆ ⋆ ⋆

خۆشەویستی رێژنەی بارانی بەهاره

تەنیا خۆشەویستی نەبێت

هەموو شتێك دەشواتەوە,

خۆشەویستی جگە دڵی ژەنگ گرتوو

هەموو دڵێك رۆحی وەبەر دەکاتەوە.